Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz,
OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.16 15:26:59 +01'00'

KURDISTAN NET کوردستان نێت

# ٢٠ چاپکراوی تازەی دەزگای ئاراس

لە چوارچێوەی چاپ و بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس بۆ ساڵی ٢٠٠٤ هەفتەی ڕابردوو (٢٠) کتێبی تازە چاپکران و کەوتنە بازاڕ. بەدەرچوونی ئەم کتێبانەش کۆی چاپکراوەکانی ئاراس کە لەماوەی نێوان ساڵی ١٩٩٨ تا ئێستا دەگاتە (٢٤١) کتێب، کتێبەکانیش بریتین لە:

١- دیداری سەرۆک کۆمار (شانۆگەری)- نووسینی ڕەئووف حەسەن

٢- گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە- وەرگێڕانی شێرزاد حەسەن

٣- دار گێلاس - وەرگێڕانی محەمەد فەریق حەسەن

٤- کچە ئەستێرە - وەرگێڕانی محەمەد فەریق حەسەن

٥- پاپۆڕی فریو - وەرگێڕانی محەمەد فەریق حەسەن

٦- جووتیارێکی زیرەک - وەرگێڕانی ئەمیری حاجی داود

٧- ئیسلام و ناسیونالیزم لە کوردستاندا - نووسینی موسڵێح ئیروانی

٨- کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا - فەیسەڵ دەباغ

٩- سیاسە التعریب فی اقلیم کردستان العراق - اعداد: خلیل اسماعیل محمد - سیروان کاکەیی - محمد عبدالله عمر - محمود حاجی

١٠- منطقە کرکوک - د. نوری طالبانی

١١- ناوچەی کەرکووک - دوکتۆر نوری تاڵەبانی

١٢- فەرهەنگی قانوونی - دوکتۆر نوری تاڵەبانی

١٣- داستانی حەسەن و حوسەین - هەردەوێڵ کاکەیی

١٤- ملوانکەی ستیل - محەمەد فەریق حەسەن

١٥- کەس وەک من تۆی خۆش ناوێ - سەحەر ڕەسایی

١٦- الأمیر الکردی (میر محمد الرواندزی) - الترجمە الی العربیە فخری سلاحشور

١٧- هەولێر لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا - سەمیر ساڵح

١٨- الکرد دراسە سوسیولوجیە و تاریخییە - ترجمە الدکتور نوری طالبانی

١٩- چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی - پرۆفیسور وریا عومەر ئەمین

٢٠- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی - شێخ محەمەدی خاڵ - ئومێد ئاشنا

وەک لە زۆربەی چاپکراوەکانی ئاراس دەردەکەوێ تایبەتمەندێتی کتێبەکانی دەزگاکە زیاتر ئەوانەن کە جەخت لەسەر پاراستنی ناسنامەی ڕاستەقینەی کورد و کوردستان دەکەنەوە، لە ماوەی ٦ ساڵی تەمەنی دەزگای ئاراس تا ئێستا توانراوە ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرهەمی فیکری و نوسینی گرنک و ڕاستی مێژوویی و بەڵگەنامەی بە نرخ و ڕووداوی مەزن لە دوو توێی چاپی شایستەدا تەوسیق بکرێن کە هەر هەموویان سەنگی مەزنی خۆی هەیە لەڕووی نەتەوەیی، ئەمەش وایکردووە ئاراس ببێ بەگەورەترین دەزگای چاپەمەنی لە مێژووی کوردو چاپەمەنیەکانیشی چ لەسەر ئاستی جۆر چ لە سەر ئاستی شێوازی چاپکردن ببێتە جێگەی سەرجی

ڕۆشنبیرو خوێنەرانی کورد.

جگە لە چاپکردنی کـتـێـبـیش دەزگـای ئاراس چەندین چالاکی دیکەی لە بـواری فـەرهەنگی ئەنجـامداوە، هەروەک کـردنەوەی پێشـانگای کـتێب و سـازادنی کۆڕ و یادەوەری بـۆ ڕووناکبـیـر و نووسەر و شاعیرانی کورد.

هەر لە دەزگای ئاراسیش چەندین بڵاوکراوە ئامادە دەکرێن هەروەک:

**گۆڤاری نەوشەفەق**

**هەفتەنامەی باسەڕە**

**گۆڤاری شاوشکە**

**منداڵانی بابەگوڕ گوڕ**

**کوردستان سپۆڕت**

جێگەی باسە دەزگای ئاراس خاوەن ماڵپەڕێکی جوان و دەوڵەمەندیشـە لەسەر تۆڕی ئینتـەرنێت کـە زۆربەی کـتـێـبـەکـان بەتێکیـسـتی تەواوەوە خـراونەتە ڕوو خـوێنەران دەتوانـن لەڕێگەی www.araspublisher.com کتێبەکانیان دەست کەوێ.